# ناز سیتی چاومانه

## عەنەب هەڵەبجەیی

ویستم ئەم وتارە نەنوسم زۆر هەوڵمدا قەناعەت بە پەنجەکانم بکەم بۆ یەکجاریش بێت ترسنۆك و بێدەنگ بێت بەلاَم بیَ هوودە بوو، دووای بیر کردنەوەم گەیشتمە ئەوەی من بە ئازادی لە دایك بووم و مردنیش چۆك بە ئازادیم نادات،

ئەوەشی دژی دەنوسم نە لە سەروو رەخنەوەیە نە لە هەژارنیش نیشتمان پەروەرترە، تەنها ئەوەیە ئەو دەستەلاَتدارەو هەژارانیش بە هاوارن، جیاوازی ئەو ئۆمەتەش لە گەڵ دەسەلاَت ئەوەیە ئەوان هەست بە ئازار دەکەن بەلاَم ئەوان هیچ هەستێکیان نەماوە..

کردنەوەی ناز سیتی سرودی ئەی رەقیبی بۆ چییە؟ من نازانم ئەو سرودە بۆ کیَ وتراو کیَ رەقیبە؟( رەقیب ؟؟ کیَ دوژمنە؟)

لەم شەوە بیَ کارەبایەی نیشتمانەکەماندا ئەمە دووا هەواڵی گرنگی کەناڵە ئاسمانییەکانی کورد بوون، ئەی چۆن کردنەوەی کۆمەڵگای نازسیتی حەتمەن گرنگترە لە هەواڵی وەستانی سلفەی عەقار بۆ خەڵکی رەشو رووت ، ئەو خەڵکەی لە سەرو بەندی وەرگرتنیدا بوون بۆ تەواو کردنی ئەو بستۆکە زەوییەی کە ویستیان بیکەینە ماڵۆچکەیەك بۆ ماڵو منداڵەکانیان بەلاَم بە هۆی بودجە کەمەکەی حکومەتەوە!!!!! وەستێنراو فریای نەکەوتن..

دیسان هەواڵی کردنەوەی کۆمەڵگەی ناز سیتی کە خاوەنەکەی خاوەنی (تیلی ناز) سیدییە گرنگترە لە هەواڵی یادکرنەوەکانی بۆردمانی قەلاَدزەی نازدار( چونکە بەینی خۆمان بێت ئەوە کۆنەو بەسەر چووە).

ئای ئەم میللەتە چەند نەگبەت و داماوە، چەندە قوربانی خاکەکەی بیت ئەوەندە ((قوربانیت))!!

تاکە شتی ئەم میللەتە کە سروشتییە و جێگەی گلەیی نییە ئەوەیە کە ژمارەی قوربانیان هەمیشە زیاد ترە لە ژمارەی دەوڵەمەندە هەڵتۆقیوەکانی، ئەی ئاخر ئەمە بارێکی ئەوەندە سروشتییە خۆ ناکرێت ئێمە هەموو سەرمایەدار و دەوڵەمەند، ئەمە چ رێسا و یاسایەك ئەمەی قبوڵە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، یاساکانی ژیان ئەو نیشان دەدەن کە لەپشتی ئەو هەموو قوربانی و ماڵە هەتیوو زیان لێکەوتو و بێە نەوا و چینە هەژارانەی کە رۆژێك دەکرێن بە مەیمون رۆژێك بە سەگ رۆژێك بە تێکدەر و رۆژێك بە تابور و رۆژێك بە ناکەس بەچە ، باڵەخانە بەرزەکان شەڕی دەستەویەخە لە گەڵ خوا دەکەن و پۆزی پیاوە لوت بەرزەکان (نەك نەفس بەرزەکان) شەڕی ژمارە دەکەن(( دە ، سەد ، هەزار ملیون، بلیون، ملیار)) تا ئەو کاتەی پارەکان جارێکی تر بلۆك دەبنەوەو دێنەوە کۆشی میللەت،

ئەم سورە بەردەوامەو ناز سیتیش چاومانە!! بژی سوری ژیان و هەموو جۆرەکانی سوریش بۆ مەسئول.